# یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عیراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٧**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/١٥**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٣/١١/١٩٩٩یدا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم کوزارشتانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە.
١ـ هەرێم:هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ سەندیکا: سەندیکای ئەندازیاران.
٣ـ دەستەی کشتی:هەموو ئەو ئەندامانەی کە بەپێی ئەم یاسایە سەندیکا نوێنەرایەتیان دەکات.
٤ـ ئەنجومەن:ئەنجومەنی سەندیکا.
٥ـ نەقیب: نەقیبی ئەندازیاران
٦ـ ئەندازیار:هەر ئەندامێکی سەندیکا کە بڕوانامەی لە بەکالۆریوسی کەمتر نەبێت کە لە کۆلیژی ئەندازیاری بەدەستی هێنا بێت یان لە زانکۆیەک کە لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی باڵای کوردستانی عێراقەوە دانی پێانرابێ
٧ـ دەست دانە پیشە:ئەنجامدانی کار و خزمەتگوزاری ئەندازیاری بەپێی ئەم یاسایە.

## بەشی یەکەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

١ـ بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک دادەمەزرێ بەناوی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێم، کەسایەتی مەعنوی خۆی دەبێت و لە رووی دارایی و کارگێریەوە سەربەخۆ دەبێت وبارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێ، هەروەها بۆشی هەیە کە لقەکانی لە ناوەندی پارێزگاکاندا بکاتەوە.

٢ـ سەندیکا لەسەر داواکاریەک پێکدێ کە پیشکەش بە لایەنی تایبەتمەند دەکرێ کە نابێ لە (١٥)ئەندازیار کەمتر بن و بە دەستەی ئامادەکار دادەندرێن بۆ بەریوەبردنی سەندیکا تاکو هەڵبژاردن، لە ماوەیەکدا دەکرێ کە لە سێ مانگ تێپەر نەکا لە مێژووی قەبوڵ کردنی داواکاریەکەوە.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا هەوڵ دەدات ئەو ئامانجانەی خوارە بهێنێتە دی:

١ـ کۆکردنەوەی وزەی ئەندازیاران و یەکخستنی تواناکانیان، تا بە رۆڵی کاریکەری خۆیان هەستن بۆ بنیات نانەوەی ئەوەی کە لە کوردستاندا وێران کراوە. هەروەها پاڵپشتی کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی فیدرالی و پتەوکردنی.

٢ـ کار کردن لە پێناو جێبەجێ کردنی کارە ئەندازەییەکان بەپێی مەرجە هونەری و قیاسییەکار پێکراوەکان.

٣ـ کار کردن لە پێناو بەرز کردنەوەی رادەی زانستی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئەندامانی.

٤ـ هاری کاری کردن لەگەڵ رێکخراوەکان و کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییەکانی تر دا لە ناو هەرێم ودەرەوەیدا و پتەو کردنی پەیوەندییە رۆشنبیری و زانستیەکان لەگەڵیاندا

٥ـ هەوڵدان بۆ زامنکردنی پاشە رۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیریەتی و پەک کەوتەییدا و قەرەبوو کردنەوەیان لەو کارەساتانەی کە بەسەریان دێ.

٦ـ رێکخستنی بنەماکانی دەستدانە پیشە و چاودێری کردنی پیادەکرنیان.

٧ـ بەشداری کردن لە پارێزگاری کردنی ژینگە لە پیس بوون.

## بەشی دووەم
## چوونە ناو سەندیکاو ئەندامییەتی

**ماددەی چوارەم:**

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:

یەکەم: هاووڵاتی هەرێم بێ و تیایدا جێوار بێت.

دووەم: بەتاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی نابرو بەر حوکم نەدرابێ.

سێیەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتای بە کالۆریۆسی هەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

١ـ چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەک دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامەی پێویستیشی پێوە دەبەسترێ، ئەنجوومەنیش دەبێ لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە بیبڕێنێتەوە، لە کاتی تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەشدا بەبێ ئەوەی ببڕێندرێتەوە داواکارییەکە بە قەبوڵکراو دەژمێردرێ.

٢ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکا، خاوەن داواکاریش بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەوە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانەی لێ بداو بڕیارەکەش بنبڕ دەبێت.

**ماددەی شەشەم:**

١ـ ئەندازیارەکان بەکوێرەی دەسەڵاتەکانیان بۆ دەست دانە پیشە بۆ ئەم پایانەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

أ ـ ئەندازیاری یاریدەدەر.

ب ـ ئەندازیاری موماریس.

ج ـ ئەندازیاری مۆڵەت دراو.

د ـ ئەندازیاری ڕاوێژکار.

٢ـ مەرجەکانی پلەکان (المراتب) و دەسەڵاتەکانیان لە پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکادا دیاری دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا سی (٣٠)دینارە.

دووەم: ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە بەم جۆرە دەبێ:

١ـ ئەندازیاری یاریدەدەر (١٠) دینار.

٢ـ ئەندازیاری موماریس (١٥)دینار.

٣ـ ئەندازیاری مۆڵەت دراو (٢٠)دینار.

٤ـ ئەندازیاری ڕاوێژکار: (٣٠)دینار.

سێیەم: ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە هەموو ساڵێک لە کاتێکدا دەدرێ کە لە مانگی شوبات تێ نەپەڕێ ئەگەر ئەندام دواکەوت لە ڕەسم دان لە کاتی دیاریکراودا ئەوا بە (٥٠٪)ی ڕەسمی بەشداربوون جەزا دەکرێ و ناویشی لە تۆمار دەسڕدرێتەوە ئەگەر بەبێ عوزری ڕەوا بەشداربوونی ساڵانەی بۆ دوو ساڵی یەک لەدوای یەک نەدا.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

**ماددەی هەشتەم:**

سەندیکا پێکدێ لە:

١ـ دەستەی گشتی.

٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

**ماددەی نۆیەم:**

دەستەی کشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێک دێ کە تێکڕای پابەندییەکانی خۆیان بەپێی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووە و بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکا دادەندرێ و هەر بە سێ ساڵ جارێک لەنێوان مانگی کانوونی یەکەمدا بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لە بارەگاکەی خۆیدا دەکا بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامییەتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط)، ڕاددەی یاسایش (النصاب) بە ئامادەبوونی سێ یەکی دەستەی کشتی دەبێ، وە لە کاتی تەواونەبوونی (نصاب)یشدا هەڵبژاردن لەدوای پانزدە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێندا دەکرێ و بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان (نیصاب) بەتەواو دادەندرێ، بەپێچەوانەوەی ئەوەش ئەنجوومەن بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام دادەندرێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەستەی کشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

یەکەم: دەکرێ دەستەی کشتی بۆ کۆبوونەوەی ناناسایی بانگهێشت بکرێ لە یەکێک لەم دوو حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- بە بڕیارێکی هۆدار کە زۆرینەی ئەندامان دەیدەن.

٢- بە داواکارێکی نووسراوەی هۆدار کە سێ یەکی ئەندامانی دەستەی کشتی لە ئەنجوومەن پێشکەشی دەکەن وە ئەنجوومەن لەسەریەتی لە ماوەی پانزدە ڕۆژ لە مێژووی کەیشتنی داواکارییەکەوە بانگهێشت نامە دەربهێنێت و کاتێک بۆ کۆبوونەوە دیاری بکات.

دووەم: نابێ کۆبوونەوە ناناساییەکانی دەستەی کشتی لەو کارانە بەولاوە باس بکرێن کە لە بەرنامەی کاریدا جێگیرکراون و کۆبوونەوەیان لە پێناودا دەکرێ.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

یەکەم: ئەندام بۆی نییە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتیدا بەشداری بکا، ئەگەر لە ڕووی بەرزەفتی کردنەوە (الانضباط) دەست دانە پیشەی لێ قەدەغەکرابوو.

دووەم: بڕیارەکان لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن، لەکاتی یەکسانیشیان بەو لایە دادەلەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئەنجوومەنێک نیش و کاری سەندیکا دەگرێتە ئەستۆ کە لە نۆ ئەندام پێک هاتووە:

یەکەم: نەقیب: مەرجە کە ماوەی دەست دانە پیشەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێ.

دووەم: هەشت ئەندام: بە جێگرو نەقیب و سکرتێرەوە، ئەوانەی کە دەست دانە پیشەکەیان لە هەشت ساڵ کەمتر نەکوزەراندووە.

سێیەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا و بە دەنگدانی نهێنی جێگرێکی سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.
چوارەم: ئەنجوومەن لە مانگێکدا یەک جار دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەکا، هەروەها دەشتوانی دانیشتنە نائاساییەکانی بە بانگهێشتی نەقیب یان بەداواکاری سێ یەکی ئەندامانی کرێ بدا.

**ماددەی چواردەیەم:**

یەکەم: ڕاددەی یاسایی (نصاب) لە ئەنجوومەندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچن، لە کاتی یەکسانیشدا بەو لایە دادەنرێ کە نەقیبی تێدایە.
دووەم: ئەگەر پلەی نەقیب بە هەر هۆیەکەوە چۆڵ بوو، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە یان سکرتێر لە کاتی چۆڵبوونی پلەی جێگردا.
سێیەم: یەکێک لە ئەندامە ئەسڵییەکان بە دەنگدانی نهێنی شوێنی نەقیب دەگرێتەوە لە کاتی چۆڵ بوونی پایەکانی نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێردا.
چوارەم: ئەنجوومەن لەسەریەتی کە بانگهێشتی دەستەی کشتی بکا بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لە ماوەیەکدا کە لە دوو مانگ تێنەپەڕێ بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب، بەمەرجێک کە ئەو ماوەیەی باقی ماوە لە (٦)شەش مانگ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پانزدەیەم:**

ئەندامی ئەنجوومەن بەدەست لە کارکێشراوە دەژمێردرێ ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یان لە پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە ماوەی یەک ساڵدا بە بێ عوزرێکی ڕەوا ئامادە نەبێ.

**ماددەی شانزدەیەم:**

یەکەم: ئەنجوومەن ئەم پسپۆڕییەتیانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
١ـ کارکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.
٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لە بابەت هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە.
٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی کشتی.
٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکاداو دیاریکردنی کرێیەکانیان و پلە بەرزکردنەوەیان.
٥ـ سەیرکردنی داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا.
٦ـ ڕاستاندنی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ئەندامانی سەندیکا لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٧ـ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.
٨ـ پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.
٩ـ دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە لیژنە ڕەسمییەکان و ئەوانی تردا لە کاتێکدا کە لەلایەن نەقیبەوە نوێنەرایەتی ناکرێ.

١٠ـ هەواڵەکردنی کێشەو شکایەتەکان کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).
١١ـ ئامادەکردنی بودجەو دامەزراندنی ژمێریاریێکی یاسایی بۆ ووردکاریکردنی حسابکارییەکان.
١٢ـ ئیقرارکردنی خۆبەخودانکردنی ماڵ و خانووبەرەو قەبوڵکردنی پێدان و لەقەبەرکردن و پێشکەش کردنی دەستگرۆیی دارایی لە نێوان ئامانجەکانی سەندیکادا.
١٣ـ سەیرکردن و براندنەوەی دەست لە کارکێشانەوەی نەقیب یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن یان لیژنەکانی سەندیکا، بەمەرجێک لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بخرێتە بەردەم دەستەی گشتی.
١٤ـ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
١٥ـ مۆڵەتدان بە کردنەوەی نووسینکە ئەندازەییەکان.
١٦ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەپێی یاسای کۆمەڵەکان.
دووەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە نەقیب یان سەرۆکەکانی لقەکان.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:
١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەن.
٢ـ لەلای دەزگا دادوەری و کارگێڕی و دەستە ڕەسمی و ئەهلی و کۆنگرەکان نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات و مامەڵەو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە سەندیکا دەراستێنێ، وە بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن کە بیەوێ.
٣ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی کارمەندانی سەندیکا بۆ مەبەستەکانی کەفالەت.

**ماددەی هەژدەیەم:**

لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لە سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و، مەرجە کە ماوەی دەست دانە پیشەکەیان لە (٨) هەشت ساڵ کەمتر نەبێ و، تایبەتمەند دەبن بە سەیرکردنی ئەو کێشەو شکاتکاریانەی کە ئەنجوومەن بۆی هەواڵە دەکا، وە ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکات، لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هەیە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) دەسەڵاتی دەرچواندنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:
أ ـ ووریاکردنەوە.
ب ـ ئینزار.

جـ ـ قەدەغەكردن لە پیشە بۆ ماوەیەک لەشەش مانگ تێنەپەڕێ، هەرچی کارمەندە ئەوە تەنها ئیش کردنی دوای دەوامی ڕەسمی لێ قەدەغە دەکرێ و دایەرەکەشی لە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێ.

**ماددەی بیستەم:**

١ـ لیژنەی لق بە دەنگدانی نهێنی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٢ـ لیژنەی لق لە سەرۆک و چوار ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەندام دەبێ لەم کارانە خۆی بەدوور بگرێ:

١ـ پشتگوێ خستن یان کۆسپ خستنە بەر پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەوانەی تایبەتن بە سەندیکاوە و ئەو بڕیارانەی کە دەریان دەهێنێ.

٢ـ دەست دانە پیشە بەبێ تازەکردنەوەی مۆڵەت و ڕەسمەدانی بەشداربوونی ساڵانە.

٣ـ ڕەچاونەکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ناوبانگ زڕاندنی پیشەکە بەپێی ئەو بنەمایانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقیان کرتووە.

٤ـ هەڵگرتنی لەقەبێک یان سیفەتێکی پیشەیی بە درۆ، یان نەڕاستاندراو بە پێی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.

٥ـ سنووربەزاندنی دەست دانە پیشە بەو کوێرەیەی کە لە پێڕەوی ناوخۆ دەقی کرتووە یان ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەری دەکات.

٦ـ هەڵەکردنێکی هونەری گەورە لە ئەنجامی پشت گوێ خستن کە دەبێتە هۆی زەرەر کەیاندنێکی گەورە بەوانەی پەیوەندیدارن.

٧ـ بەبێ ڕەزامەندی خاوەنی کار، هەر ڕشتەیەکی ئەوتۆ بۆ مقاولە، یا بۆ خشتەکانی (الكميات) دابنێ کە پابەندییەک دروست بکا بۆ بەکارهێنانی ڕەنێوهاتێک یان ڕێگەیەکی دیاری کراو.

٨ـ لەسەر ڕەزامەندی خاوەن کارو لەو سنووردا نەبێ کە لە (کرێ بەند)ـە ئەندازەکارییەکاندا هەیە، نابێ گۆڕانکارییەک یان لابردنێک بکا کە کارێکی تەواو بکاتە سەر ئەرک و مەسرەفی نیشەکە لە ڕەنکرێژییە تەسدیق کراوەکاندا.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

**ماددەی بیست و سێیەم:**

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:

١ـ ڕەسمەکانی چوونە ناو سەندیکاو ڕەسمەکانی بەشداربوونی ساڵانە.

٢ـ ڕەسمەکانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی نوسینگەکانی ئەندازەیی (بۆ نووسینگە ڕاوێژکارییەکان ٥٠٠ پێنج سەد دینار و بۆ نووسینگەکانی (ڕای) ٢٥٠ دوو سەد و پەنجا دینار.

٣ـ ئەو پێ بەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمییەکانەوە پێشکەش دەکرێن لەگەڵ ئەو پیتاک و لەقەبەڵکردنانەی کە لەلایەنەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن لە دوای ڕەزامەندی کردنی لایەنە ڕەسمییەکان.
٤ـ قازانجی ئەو ئاهەنگانەی بۆ سوودی سەندیکا دەگێڕدرێن.
٥ـ قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا دەیەوێ دایانبمەزرێنێ یان پێیان هەڵبستێ.
٦ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧ـ ڕەسمی پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندام بەپێی ئەو ڕێژانەی کە لە یاسای بەرقەراری کاتب عەدلەکاندا هاتووە.

**(حوکمە دوماهییەکان)**

**ماددەی بیست و چوارەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**